# حوکمی زوڵم و ستەم لە بێباوەڕ

﴿ حكم ظلم الكافر ﴾

[ كردي – كوردي – kurdish ]

**موفتی :** دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز


2010 - 1431

islamhouse.com

﴿ حكم ظلم الكافر ﴾

« باللغة الكردية »

إفتاء : فريق القسم الكردي بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2010 - 1431

islamhouse.com

# حوكمی زوڵم و ستەم لە بێباوەڕ

**پرسیار :** ئـایا دروسـتـە زوڵم و سـتـەم لـەبێبـاوەڕ بکـرێت؟

**وەڵام :** خوای گەورە دادگەری ودادپەروەری واجب کردووە لەسەر باوەڕداران، وەك دەفەرموێت : ( إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ ... ) { النحل ٩٠: } واتە: خوای گەورە فەرمان بە دادگەری و دادپەروەری و چاکەکردن دەکات. ستەمکردنیش لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا حەرام وقەدەغەکراوە، لە فەرموودەی قودسیدا هاتووە کەخوای گەورە دەفەرموێت: « إِنِّي حَرَّمْتُ الظلْمَ عَلى نَفْسِي وَجَعَلْتُهُ بَيْنَكُمْ مُحَرَّمَا فَلا تظلموا » { مسلم } واتە: ستەمکردنم لەسەر خۆم حەرام کردووە و لە نێوان ئێوەشدا هەر حەرامم کردووە، کەوابوو ستەم لە یەکتری مەکەن.

ئەو کەسەی ستەمی لێدەکرێت لەرۆژی دواییدا هەقی خۆی لە ستەمکار وەردەگرێتەوە ، پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) یش دەفەرموێت: « أَتَدْرُونَ مَنِ الْمُفْلِسُ » قَالُوا: الْمُفْلِسُ فِينَا مَنْ لاَ دِرْهَمَ لَهُ وَلاَ مَتَاعَ، فَقَالَ: «إِنَّ الْمُفْلِسَ مِنْ أُمَّتِي يَأْتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ بِصَلاَةٍ وَصِيَامٍ وَزَكَاةٍ وَيَأْتِي قَدْ شَتَمَ هَذَا وَقَذَفَ هَذَا وأكل مَالَ هَذَا وَسَفَكَ دَمَ هَذَا وَضَرَبَ هَذَا فَيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ وَهَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ فَإِنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُهُ قَبْلَ أَنْ يُقْضَى مَا عَلَيْهِ أُخِذَ مِنْ خَطَايَاهُمْ فَطُرِحَتْ عَلَيْهِ ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ» { مسلم }، واتە: ئایا دەزانن موفلیس کێیە؟ وتیان: لەناو ئێمەدا موفلیس کەسێکی بێ پارەو شتومەکە، فەرمووی: موفلیسی ئوممەتی من ئەو کەسەیە لە رۆژی قیامەتدا بە نوێژو رۆژوو و زەکاتەوە دێت، بەڵام جوێنی بەو داوە بوختانی بۆ ئەو کردووەو ماڵی ئەمی خواردووە، ماڵی ئەوی خواردووەو ئەوی کوشتووەو لە یەکێکی تری داوە، جا چاکەکانی بەسەر خاوەن هەقەکاندا دابەش دەکرێت و کاتێك چاکەی نەما پێش ئەوەی قەرزەکانی بداتەوە، لە گوناهی ئەوان دەخرێتە سەر ئەم، پاشان فڕێ دەدرێتە ئاگرەوە.

ئەوەش بزانن پەروەردگار هێندە دادگەر و دادپەروەرە، تەنانەت لەڕۆژی دواییدا سزا وتۆڵە سەندنەوە لەناو ئاژەڵانیشدا پیادە دەكات .

هەر سەبارەت بەوەی کە دروست نیە زوڵم و ستەم لە دوژمن و بێباوەڕیش بکرێت خوای گەورە فەرموویەتی :(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ لِلَّهِ شُهَدَاءَ بِالْقِسْطِ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلَّا تَعْدِلُوا اعْدِلُوا هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ ) {المائدة :٨ } واتە : ئەی گەلی خاوەن باوەڕا! هەمیشەو بەردەوام هەوڵ بدەن کە لەبەر خوا دادگەرو راست و، پابەندی گشت پریارو فەرمانەکانی بن، زۆر بەچاکی هەستن بەئەنجامدانی شایەتی دادپەروەرانە لەبەر خوا، ڕق و دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەک هەڵتان نەنێت کەلە دادگەری و دادپەروەریی لابدەن، دادپەروەربن، ئەوە نزیکترە لە تەقواو خواناسیەوە، دەی کەواتە لەخوا ترس و پارێزکاربن، چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو کارو کردەوەیەی کە دەیکەن.

هەروەها لە ئایەتێکی تردا هاتوە کە خوای گەورە قەدەغەی باوەڕداران ناکات کە چاکەکارو دادپەروەربن لەگەڵ ئەو بێباوەڕانەی کە خراپەیان نەبووە بۆ موسڵمانان وەك دەفەرموێت : ( لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ) { الممتحنة : ٨ } واتە : دڵنیاش بن کە خوا قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات کە چاك ڕەفتاری و دادپەروەری بکەن لەگەڵ ئەو کەسانەدا جەنگیان دژ نەکردون و دژایەتی ئاینیان نەکردون و لە شوێنەوارتان دەریان نەکردون، چونکە بەڕاستی خوا دادپەروەرانی خۆش دەوێت.

خوای گەورە زانا و شارەزاترە .